# پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سەبارەت بە ئەو کەسەی کە دەچێتە لای خێزانەکەی (جیماعی لەگەڵدا دەکات) لەکاتی سووڕی مانگانەیدا، فەرمووی: خێر دەکات بە دینارێک یان نیو دینار

لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سەبارەت بە ئەو کەسەی کە دەچێتە لای خێزانەکەی (جیماعی لەگەڵدا دەکات) لەکاتی سووڕی مانگانەیدا، فەرمووی: «خێر دەکات بە دینارێک یان نیو دینار».»

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە - دارەمی گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەم فەرموودەیەدا کەفارەتی ئەو کەسە باسدەکات کە جیماع لەگەڵ هاوسەرەکەی دەکات لە کاتێک لە سووڕی مانگانەدایە، وکەفارەتەکەش بریتیە لە: خێرکردن بە دینارێک یان نیو دینار، ولەم فەرموودەیەوە دەردەکەوێت کە جیماع کردن لەگەڵ ئافرەتێک لە سووڕی مانگانەدا بێت حەرامە چونکە کەفارەتی لەسەر دانراوە، وهەروەها بەڵگەیشە هەرکەسێک ئەم کارەی کرد دەبێت خێر بکات وەکو کەفارەتێک بەرامبەر کردنی ئەم تاوانە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10012